کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-1-2007 22:49 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# وێران کردنی گلکۆی دلداری شاعیر ئەگەڕێتەوە بۆ. . . ؟؟؟؟ ... باوکی هەلۆ گەرمیانی

7-ڕێبەندان -2706ك

گلکۆی هەموو مرۆڤێك زۆر پیرۆزە چ لەلایەن خێزان و بنامالە وهاوڕێ یانی ئەو کەسەی لەناو ئەو پارچە زەویەدا شاراوەتەوەو کەپێی ئەوترێ ( (گلکۆ) ) وەهەروەها پیروزی یەکی هەیە لەهەموو مرۆڤانی سەر رووی زەمین وەهەریەکەی بەپێی ئەو یاسایەی کە لە ئاینەکەیدا هەیە وەهەموو مرۆڤێك خۆشەویستی خۆی هەیە بۆ گلکۆ چوتکە ئەزانێ رۆژێ دێ ئەویش ئەوە جێگای ئەبێ. وە لەزۆر وولاتانی ئەوروپا ئارامگایان وا جوان رازانۆتەوە وە دەسەلات هەموو پێویستەکیان دابین کردوە بۆئەو مرۆڤانەی لەکاتی دیاری کراوی خۆیاندا سەردانی ئارامگاکان ئەکەن وەبەدرێژای رۆژگار هەل بۆ باشی ئەو ئارامگایە ئەدەن بەبێ ئەوەی جیاوازی هەبێ لەنێوان گلکۆ یەکو گلکۆ یەکی تردا بێ جگە لەوەی کە خاوەنی هەندێ لەو مرۆڤانەی لەناو ئوگلکۆ یەدایە گە سامان داربێ ئەوا بەجۆرێ جیاوازیەکی کەمی هەیە؟
وەزۆر لەکۆشش وهەول داندان بۆ پاراستنی گلکۆی زانایان و شاعیران و ئەدیبان و ئەوانەی کەزیاتر جێ دەستیان دیاربوە لە دروست بونی ئەو وولاتە یا خزمەتێکی بێ هاوتایان پێشکەش بەگەل ونیشتمان کردوە بەبێ بەرامبەر.
وەهەروەها لە کوردوستانی خۆشماندا ئارامگا زۆرە وەلەهەر شارێك چەند ئارامگای جیاجیا هەیە ئەویش بەهۆی ئەوەی کە رۆژگار وای کردوە دانیشتوان روو لەزیاد بوونەوە ئارامگایانەش کەوتونەتەناوشارەکانەوە بۆیە دەسەلات هەولیان داوە لەدەرەوەی شار جێگای تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت. بەلاّم لەگەل ئەوەشدا ئەتوانمبلێم دەسەلات زۆر کەم تەرخەمە لەرووی دابین کردنی پێ داویستەکان بۆ ئەوانەی روو لەوئارامگایانەئەکەن وەلەلای هەم وانیش ئاشکرایە کەزۆرینەی ئەوانەی روو لەئارامگاکان ئەکەن بریتین لە دایکان و خوشکانی کۆچ کردوو واتە بەرێژەیەکی زۆر ئافرەت زیاتر لە پیاو روو لەئارامگاکان ئەکەن وەلەبەرئەوەی زۆریان بێ لاوازن یاخود نەخۆشن یاخود کێشەیەکی دەرونیان توش بوە بەهۆی لەدەست دانی ئە کۆچ کردووەوە زیاتر تووشی کێشەئەبن لە ئارامگاکاندا بۆیە پێویستە لێپرساواو و دەسەلات لەکوردوستان بەبێ جیاوازی ئاورێ لەو شوێنە پیرۆزە بدەنەوە وەبەو چاوە وە سەیربکەن کەئیستا دەسەلات دارن خاوەن کۆشك وسامانن بەلاّم سبەی ئەوەجێگایانە بەبێ کۆشك و سامان و مال و چەك و. . . هتا. . . . وەئەوانەی و یستا لەگەلیانن هەتا ئەوشوێنە پیرۆزە ئەرۆن لەگەلیاناو دواتر ئەگەرێنەوە.
وەئەوەی جێی داخە لەکوردوستان لەبەر بیری تەسکی حزبایەتی و فرکە فرکەی گیرفان پرکردن هەرکەسێ ئاگای لە گلکۆی نزیکی خۆیەتی وەبەگۆێرەی توانای خۆیان هەل بۆ ئەو گلکۆیە ئەدەن وبەس. وەئیستاش لەبەر ئەوەی هیچ پارتێکی دەسەلات لەکوردوستان خۆی بەخاوەن زۆر لەنووسەرا ن و شاعیران و زایانان پیاوچاکان نازانن چونکە سەر بەپارتەکەیان نەبوون. بەلاّم نازانن ئەوان ئەوەی ئیستا ئەی خۆن و لافی کوردایەتی پێوە لێ ئەدەن بەجێ ماوی ئەوانن
وەجاوازیەکی زۆر ئەبینرێ لەنێوانگلکۆی لێپرساوێك لەگەل یەکێکی تر گەر جی دەست وکارەکانیشی هەتا ئیستا جێی سەربەرزیە بۆهەموان وەك شاعیری گەورە دلداری مەزن وە هەمووکوردێك شانازی بە سرووەدەکەیەوە ئەکات وە لەگەل گۆێ لەدەنگی ئەو سرودە ئەبێ مووچروکە بە لەگیانی دا دێ وەبۆتە سرووودی نەتەوەیی بۆکورد. وەلەپاش ئەوەی ئەو هەل و کۆششەی بۆگۆرینی ئەوسرودە بۆ سرودێکی تر


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.

وەخۆشبەختانە حکومەتی هەرێم رازی نەبوو. وەهەندا لەوانەی کە نارازییبوون لە ناوەرۆکی شعرکە وەئەم کاتەیان بە فرسەت زانی بۆئەوەی شك نەچێتە سەریان هەلسان بەم کارە.

وە وێران کردنی گلکۆی شاعیری گەورەی گەلەکەمان دلدار ی مەزن ئەگەرێتەوە بۆ کەم تەرخەمی دەسەلآت بەرامبەرئەوانەی ئەم کارەیان ئەنجام داوە وەلەلای ئەوان و هەمووان ئاشکرایە کێ ئەم کارەی ئەنجام داوە؟؟

لەکۆتای دا داواکاریم لە برای بەرێزمان کاك عومەر فارس بەرپرسی کوردوستان نێتی هەموو کوردوستانیان ئەوەیە کەلەرێگەی سایتەکەمانەوە هەولێ بدات بۆدامەزراندنی سەنتەرێك بۆ کۆکردنەوی ئیمزا و پشتگیری بۆ ئەوەی ئەوانەی هەلساون بەوکارە بەد رەوشتیە بدرێن بەیاسا وببنە نموونە بۆئەوانەی گلکۆ و ناوی پیاوانی دلسۆز بە کوردوستان ئەشێوێنن. بەلآم نازانن بەو کارە هەموو کورد لەهەمووسەر رووی زەمین زیاتر دلسۆزی و پشتگیری ئەبێت بۆسروودی

( (ئەی رەقیب) )


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.